# پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- لە نێوانمادا هەستا بۆ وتاردان لە نزیک کانیەک بە ناوی (خوم) لە نێوان مەککە ومەدینە، وحەمد وسوپاس وستایشی خودای کرد، وئامۆژگاری خەڵکی کرد وبە بیری خەڵکی هێنایەوە

لە یەزیدی کوڕی حەیانەوە دەڵێت: «من و حوصەینی کوڕی سەبرە و عەمروی کوڕی موسلیم چووین بۆ لای زەیدی کوڕی ئەرقەم -ڕەزای خوای لێبێت- کاتێک لای دانیشتین، حوصەین پێی ووت: ئەی زەید تۆ چاکەی زۆرت ئەنجامداوە، پێغەمبەرت بینیووە -صلى الله عليه وسلم-، گوێت لە فەرموودەی بووە، غەزات لەگەڵ کردووە، لە پشتیەوە نوێژت کردووە، بەڕاستی خێری زۆرت ئەنجامداوە، ئەی زەید بۆمان بگێڕەوە چیت لە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بیستووە، ئەویش (زەید) ووتی: ئەی کوڕبرام (واللە) من تەمەنم گەورە بووە، و ماوەیەکی زۆر بەسەر ئەو سەردەمەدا چووە، هەندێ شتم لە یاد چووە لەوانەی کەلەبەرم کردبوو لە پێغەمبەرەوە -صلى الله عليه وسلم-، ئەوەی پێتان دەڵێم وەریبگرن، وئەوەی باسی ناکەم زۆرم لێمەکەن، پاشان ووتی: پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- لە نێوانمادا هەستا بۆ وتاردان لە نزیک کانیەک بە ناوی (خوم) لە نێوان مەککە ومەدینە، وحەمد وسوپاس وستایشی خودای کرد، وئامۆژگاری خەڵکی کرد وبە بیری خەڵکی هێنایەوە، لە پاشاندا فەرمووی: «دوای ئەمە، ئاگاداربن ئەی ئادەمیزادەکان، من مرۆڤێکم نزیکە نێردراوی خودا بێت و وەڵامی بدەمەوە، من دوو شتی گەورەتان بۆ جێدەهێڵم: یەکەمیان پەیامی خودا (قورئان) کە ڕێنمایی ونووری تێدایە، دەست بە پەیامی خودا بگرن وپەیڕەوی بکەن (فەرمانەکانی جێبەجێ بکەن و خۆتان لە نەهی لێکراوەکانی بە دووربگرن -جێبەجێی مەکەن-)»، هانی دان بۆ پابەندبوون بە قورئانەوە، پاشان فەرمووی: «بنەماڵەی من (أهل البيتي: ئەهلی بەیتی من)، خوداتان لەبیر بێت (لە کاتی مامەڵە کردن) لەگەڵ بنەماڵەی من، خوداتان لەبیر بێت (لە کاتی مامەڵە کردن) لەگەڵ بنەماڵەی من»، حوصەین پێی ووت: کێن بنەماڵەی ئەو ئەی زەید؟ خێزانەکانی بنەماڵەی ئەون نین؟ ووتی: خێزانەکانی بنەماڵەی ئەون، بەڵام لێرەدا بنەماڵەی ئەو کەسانێکن کە نابێت زەکاتیان پێبدرێت (ونابێت ئەوانیش وەری بگرن)؟ (حوصەین) ووتی: ئەوان کێن؟ (زەید) ووتی: ئالی -بنەماڵەی- عەلی وئالی عەقیل وئالی جەعفەر وئالی عەباس، (حوصەین) ووتی: هەموو ئەمانە بێبەش دەبن لە زەکات؟ (زەید) وتی: بەڵێ». لە گێڕانەوەیەکی تردا: «من دوو شتی گەورەتان بۆ جێدەهێڵم: یەکەمیان پەیامی خودا (قورئان) کە پەیمانی خودایە، هەرکەسێک شوێنی بکەوێت وپەیڕەوی بکات لەسەر هیدایەتە -لەسەر ڕێگای ڕاستە- وهەرکەسێک وازی لێبهێنێت -کردەوەی پێنەکات- ئەوا لەسەر گومڕاییە».

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

یەزیدی کوڕی حەیان دەڵێت: من و حوصەینی کوڕی سەبرە و عەمروی کوڕی موسلیم چووین بۆ لای زەیدی کوڕی ئەرقەم -ڕەزای خوای لێبێت-، کاتێک لە لای دانیشتین ؛ حوصەین بە زەیدی ووت: ئەی زەید تۆ خێری زۆرت دەستکەوتووە، پێغەمبەرت بینیووە -صلى الله عليه وسلم- وگوێت لە فەرموودەکانی بووە، و لەگەڵ ئەودا جیهادت کردووە لە پێناوی خوای گەورە، ونوێژت لە پشتیەوە کردووە؛ بەڕاستی ئەمە بەدەستهێنانی خێرێکی زۆرە، ئەی زەید هەندێک فەرموودەمان بۆ بگێڕەوە کە لە زاری پێغەمبەرەوە بیستووتە -صلى الله عليه وسلم-، ئەویش (زەید) ووتی: ئەی کوڕ برام، واللە من تەمەنم گەورە بووە، وماوەیەکی زۆر بەسەر ئەو سەردەمەدا چووە، وهەندێک لەوانەی لەبەرم کردبوو لە پێغەمبەرەوە -صلى الله عليه وسلم- لە بیرم چوو، ئەوەی بۆتانی دەگێڕمەوە قبوڵی بکەن، وزۆرم لێمەکەن سەبارەت بە ئەوانەی باسی ناکەم، پاشان بۆمانی گێڕایەوە: پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕۆژێکیان هەستا بۆ وتاردان لە نێو شیوێک بە ناوی (خوم) لە نێوان مەککە ومەدینە، سوپاس وستایشی خودای کرد، ومافەکانی

خودا وپەرستنی ئەو زاتە مەزنەی بیرهێنانەوە چونکە هەندێکیان بە تەواوی ئاگایان لە مافەکانی خودا نەبوو بەهۆی سەرقاڵ بوون بە خێزان ومنداڵەوە، پاشان فەرمووی: ئەی خەڵکینە ! من تەنها مرۆڤێکم نزیکە لەوەی نێردراوی خودا بێت مەبەستی فریشتەی ڕۆحکێشانە (ملك الموت) بۆ ئەوەی ڕۆحم بکێشێت ومنیش وەڵامی بدەمەوە، ومن لە پاش خۆم دوو شتی مەزنتان بۆ جێدەهێڵم، یەکەمیان قورئان کە هیدایەت ونور وڕۆشنایی تێدایە، بۆیە خۆتان پابەند بکەن بە شوێنکەوتنی ودەستی پێوە بگرن (فەرمانەکانی جێبەجێ بکەن و خۆتان لە نەهی لێکراوەکانی بە دووربگرن -جێبەجێی مەکەن-). پاشان فەرمووی: وئەهلی بەیتی من (بنەماڵەی من)، فەرمانتان پێدەکەم لە پێناو خوای گەورە مافەکانیان جێبەجێ بکەن دوو جار ئەمەی فەرموو، حوصەین ووتی: ئەی زەید ئەهلی بەیتی ئەو کێن؟ ئایا خێزانەکانی (هاوسەرەکانی) ئەهلی بەیتی ئەو نین؟ ئەویش (زەید) ووتی: بەڵێ، خێزانەکانی ئەهلی بەیتی ئەون کە لەگەڵیدا دەژیان وپێداویستیەکانیانی جێبەجێ دەکرد وفەرمانی پێمان کرد کە ڕێزیان لێبگرین، بەڵام ئەهلی بەیت بە شێوەیەکی گشتی ئەوانەن کە خێرکردن نابێت بدرێت پێیان (واتە حەرامە خێرکردن -صدقة- وەربگرن)، پاشان ووتی: ئەوان کێن؟ ئەویش (زەید) ووتی: بنەماڵەی عەلی و بنەماڵەی جەعفەر وبنەماڵەی عەقیل کە ئەمانە کوڕی ئەبی تاڵبن، وبنەماڵەی عەباس، هەموو ئەمانە حەرامە خێرکردنی واجب وەربگرن وەکو زەکات ونەزر وکەفارەتەکان. وله گێڕانەوەیەکدا فەرمووی: من لە دوای خۆی دوو شتی گەورەتان بۆ جێدەهێڵم، یەکەمیان کتێبی خودا، کە پەیمانی ئەو زاتەیە، وهۆکارە بۆ گەیشتن بە ڕەزامەندی وڕەحمەت وبەزەیی خودا، وئەو ڕۆشنایی ونورەیە کە بەهۆیەوە هیدایەتی بەندە دەدات، بۆیە هەرکەسێک شوێنی بکەوێت وفەرمانی جێبەجێ بکات وخۆی بە دوور بکرێت لە نەهی لێکراوەکانی ئەوا لەسەر هیدایەتە ودوورە لە گومڕایی، وئەوەی پشت لە فەرمانەکان ونەهی لێکراوەکانی قورئان بکات ئەوا لەسەر گومڕاییە.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3084

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee